NO:
DATE: ٢٠١٦/٦/١٤

ژمارە: ١٠٦٨١
ڕێکەوت: ٢٧١٥/ جۆزەردان /٢٥ کوردی

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی گواستنەوەی ڕاژە

بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادە ٣ برگە ١ لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

### بەشی یەکەم

### پێناسەکان

**مادەی یەکەم :** مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەوماناتایانەی لەبەرامبەریان دیاری کراوەبەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەمڕێنماییانە .

١- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢. **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٣- **فەرمانگە:** فەرمانگەی سەربەخۆ خاوەن یەکەی ژمێریاری سەربەخۆ.

٤. **گواستنەوەی ڕاژە:** گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەکی خاوەن یەکەی ژمێریاری سەربەخۆ بۆ فەرمانگەیەکی تری خاوەن یەکەی ژمێریاری سەربەخۆ لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت.

٥- **هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:** بریتین لە پۆلیسی لۆکاڵی و بەرگری شارستانی و پۆلیسی هاتووچۆ و و پۆلیسی پاسەوانی و هەر پێکهاتەیەکی تر کە بە وەزارەتی ناوخۆوە بەسترا بێتەوە.

٦- **ئەفسەر:** پیاوی پۆلیس لە پلەی ملازم بەرەو سەروو

٧- **کارمەند:** بریتیە لە ڕێپێدراوو پۆلیسی پیادە تا کو پۆلیسی پیادە پلە٤ .

٨. **فەرمانبەر:** هەر کەسێك کارێکی وەزیفی هەمیشەیی پێ سپێردرابێت لە میلاکی هەمیشەیی تایبەت بە فەرمانبەران بەپێی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو.

**مادەی دووەم:**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانە ڕێکخستنی گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەران و ئەفسەرو کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ ئەوەی کاریگەری نەبێت لەسەر میلاکی پێویستی فەرمانگەکان و هەروەها بگونجێت لەگەڵ شارەزایی وپسپۆرییەکان.

**مادەی سێ یەم :**

**یەکەم:** گواستنەوەی ڕاژە لە میلاکی سەربازی بۆ میلاکی شارستانی و.میلاکی شارستانی بۆ میلاکی سەربازی ناکرێت .

**دووەم:** گواستنەوەی ڕاژە بۆ فەرمانگەکانی سەربەحکومەتی اتحادی ناکرێت.

## مەرجەکانی گواستنەوەی ڕاژە لەنێوان فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ

**مادەی چوارەم:**

١. پێشکەش کردنی داواکاریەکی نوسراو لەلایەن کەسی سوودمەند.

٢. هەبوونی جێگرەوە بۆئەوکەسەی داوای گواستنەوەی ڕاژە دەکات لە هەمان پسپۆری یان پسپۆڕیەکی نزیک لەو شوێنەی خزمەتی لێ دەکەن.

٣.فەرمانگەی سوودمەند داوای گواستنەوەی ڕاژەی لێ کردووە بۆی هەیە داوای جێگرەوە بکات (بدیل) لە فەرمانگەی سووودمەندی بۆ دەگوازێتەوە.

٤.ڕەزامەندی فەرمانگەی سودمەندی بۆ دەگوازرێتەوە بە نوسراوی فەرمی .

٥.پرکردنەوەی فۆرمی گواستنەوەی ڕاژە کەلەلایەن وەزارەت رێک دەخرێت و بەسەر فەرمانگەکاندا دابەش دەکرێت پاش دەرچوونی ئەم رێنماییە.

٦.داواکاریەکە بەڕێگای (مرجع) بەرز دەکرێتەوە بۆ خاوەن دەسەڵاتی گواستنەوە و دوای هەبوونی هەموو مەرجەکانی فەرمانی پێ دەردەچێت.

٧.گواستنەوەی ناچاری برگەکانی (٣،٢) نایگرێتەوە

## گواستنەوەی ڕاژە لەنیوان فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ و فەرمانگەکانی وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراو بەوەزارەت

**مادەی پێنجەم:**

**یەکەم: گواستنەوەی ڕاژە لە فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ فەرمانگەکانی دەرەوەی وەزارەت:.**

١.دەبێت پسپۆڕی سود مەند گونجاونەبێت لەگەڵ پسپۆڕی وەزارەتی ناوخۆ واتا وەزارەت سوود لە ڕاژەی نەبینێت.

٢.پێشکەش کردنی داواکاریەک لەلایەن سوود مەند بۆ سەرووی خۆی .

٣.ڕەزامەندی فەرمانگەی ڕاژەی سوود مەندی لێ دەگوازرێتەوە .

٤.بەرزکردنەوەی داواکاری لەکاتی ڕەزامەندی فەرمانگەی سودمەندی لێ دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ/بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان لەرێگەی (مرجع).

٥.هەڵسەنگاندنی داواکاری لەلایەن وەزارەت و لەکاتی ڕەزامەندی نووسراو لەلایەن وەزارەت ڕەوانەی ئەو فەرمانگەیە دەکرێت کە سودمەند داوای گواستنەوەی ڕاژەی بۆ کردووە لە ڕێگای (مرجع)ی ئەو فەرمانگەیە.

٦.دەرچوونی فەرمانی وەزاری گواستنەوە لەکاتی ڕەزامەندی بە امزای وەزیر.

**دووەم: گواستنەوەی ڕاژە لە وەزارەت یان دستە یان فەرمانگەی نەبەستراو بەوەزارەت بۆ فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ:**

١.ئاراستەکردنی نوسراوی گواستنەوەی ڕاژە بۆ وەزارەتی ناوخۆ / بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان .

٢.دەبێت لە گەڵ نوسراوەکە خشتەی ڕاژەی فەرمانبەر و داواکاری گواستنەوەی ڕاژە هاوپێچ کرابێت.

٣.داواکاریەکە دوای هەڵسەنگاندن لە لایەن فەرمانگەی تایبەتمەند لە وەزارەت ڕەوانەی فەرمانگەی داوای گواستنەوەی ڕاژەی بۆ کراوە لە ڕێگای (مرجع) بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی .

٤.لەکاتی وەرگرتنی ڕەزامەندی لە بڕگە (٣) نوسراوی ڕەزامەندی بەگواستنەوەی ڕاژە ڕەوانەی لایەنی تایبەتمەندی داوای گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەری کردووە بەرێگای (مرجع) .

## گواستنەوەی ناچاری

**مادەی شەشەم :**

**یەکەم: گواستنەوەی ڕاژەی ناچاری لە نێو فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت بەم مەرجانەی خوارەوە :**

١. لە حاڵەتی بەیەک گەیاندنی خێزان (لم الشمل) بۆ ژن و مێرد بەمەرجێک بەیەک گەیاندنی خێزان لەنێو فەرمانگەی دوو پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆبێت.

٢.گواستنەوەی ڕاژەی ناچاری دەکرێت لەحاڵەتی خراپی باری تەندرَوستی فەرمانبەر و نەگونجانی ئەو کارەی ئەنجامی دەدات لەگەڵ تەندروستی بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی.

٣. ڕەزامەندی فەرمانگەی گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر یان ئەفسەر یان کارمەندی بۆدەکرێت .

**مادەی حەوتەم :**

١. گواستنەوەی ڕاژە ناکرێت بۆ دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەو فەرمانبەرانەی بەڵێننامەی خزمەتکردنیان پڕکردوەتەوە بەهۆکاری خوێندن تا تێپەربوونی ماوەی بەڵێننامە.

٢.گواستنەوەی ڕاژە بۆئەو کەسانە ناکرێت کە مۆڵەتی درێژخایەنیان هەیە و دەست بەکارنەبوونەتەوە.

٣. گواستنەوەی راژە ناکرێت بۆ ئەوانەی کەبە پێی مادە (٣٦) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموار کراو و یاسای ڕاژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١ کە بەڵێننامەیان پڕکردوەتەوە تاتێپەربوونی ماوەی بەڵێننامە .

٤.بڕگەکانی (٣،١) دەکرێت گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ بکرێت بۆ فەرمانگەکانی ناو وەزارەتی ناوخۆ بە پێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە.

## دەستبەکاربوونی فەرمانبەری راژە گواستراوە پاش دەستلەکارهەڵگرتنی لە فەرمانگەکەی

**مادەی هەشتەم:**

بەپێی مادەی سی و حەفتەم: بڕگە/١ لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ هەموار کراو: پێویستە ئەو فەرمانبەرەی کە گواستنەوەی خزمەتەکەی پێ رادەگەیەندرێت، لە ماوەی (٥) ڕۆژ جگە لە ڕۆژانی سەفەر پەیوەندی بکات بە فەرمانگە نوێیەکەی تەنیا ئەگەر لە فەرمانی گواستنەوەکەی ماوەیەکی زیاتر لەم ماوەیە دیاری کرابێت و ئەگەر دواکەوت لە پەیوەندی کردن و هیچ پاساوێکی ڕەوای پێشکەش نەکرد، لە سەر سەرووی تایبەتمەندە، کە فەرمانبەرەکە ئاگادار بکاتەوە بە پەیوەندی کردن بە وەزیفەکەی پاش ٧ ڕۆژ لە ئاگادار کردنەوەکە

ئەگەر پەیوەندی نەکردەوە بەبێ هیچ هۆیەکی یاسایی ئەوا بەدەست لە کار کێشاوە ئەژمار دەکرێت بە شێوەی هاتووە لە ڕێنمایی دارایی ژمارە ٢٦ی ساڵی ٢٠١٢:.

١ - لە کاتی گواستنەوەی خزمەتی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەك بۆ فەرمانگەیەکی تر لە ناو سەنتەری پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە سنووری پارێزگاکان دەبێت پاش نیوەڕۆ لە فەرمانگەکەی دەست لە کار هەڵبگرێت و ڕۆژی پاشتر لەو فەرمانگەیەی بۆی گواستراوەتەوە دەست بەکار بێت.

٢ - لە کاتی گواستنەوەی خزمەتی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەك بۆ فەرمانگەیەکی تر لە سنووری پارێزگاکان مافی دەست بەکار بوونی هەیە لە فەرمانگە نوێییەکەی لە دوای ٣ ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەست لە کارهەڵگرتنی و بە ڕۆژەکانی سەفەریشەوە.

٣ - لە کاتی گواستنەوەی خزمەتی فەرمانبەر لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر مافی دەست بەکاربوونی هەیە لە فەرمانگە نوێیەکەی لە دوای ٥ ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەست لەکار هەڵگرتنی بە ڕۆژەکانی سەفەریشەوە.

٤- ماوەی دابڕان لە نێوان دەست لەکار هەڵگرتن و دەستبەکاربوون لە دەرەوەی ماوەی بڕگەکانی (١ ، ٢ ، ٣ ) ئاماژەی پێ دراوە تا ماوەی ٢٩ ڕۆژ بە وچانی بێ مووچە ئەژمار دەکرێت.

٥- دۆسیەی فەرمانبەر و بەڵگەنامەی دوایین مووچەی لە ماوەی پێنج ڕۆژ ڕەوانەی فەرمانگەی سوودمەند بکرێت لەلایەن ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرە سوودمەندەکەی لێ گوازراوەتەوە .

**مادەی نۆیەم:**

ئەم ڕێنماییانە لەسەر فەرمانبەری شارستانی و ئەفسەرو کارمەندانی ڕازەی سەربازی جێبەجێ دەکرێت.

**مادەی دەیەم:**

کار بە هیچ ڕێنمایی و نوسراوێك ناکرێت پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

**مادەی یازدەیەم:**

ئەم ڕێنماییانە کاری پێ دەکرێت دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان.

کریم سنجاری

وەزیری ناوخۆ

وێنەیەك بۆ:

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ( ) لەگەڵ ڕێزدا
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - هەولێر/ بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاکان و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت
- فەرمانگەی یاسایی
- پلاندانان
- خولاو